# بەخێرهاتن بۆ بەرنامەی سەرەتایی (introduksjon)!

Sorani



IMDi
Integrerings- og mangfoldsdirektoratet

# بەرنامەی سەرەتایی چییە؟

بەرنامەی سەرەتایی (introduksjon) بەرنامەیەکی فێرکارییە کە ئامادەکاریت بۆ دەکا بۆ بەشداربوون لە ژیانی کاری لە کۆمەڵگای نۆروێژ. هەموو پەنابەرانی تەمەن نێوان ١٨ و ٥٥ ساڵان کە هاتنە وڵاتی نۆروێژ دەبێ لەو بەرنامە سەرەتاییەدا بەشدار بن. ئەمە ئەو ئەندامانەی بنەماڵەش لەخۆ دەگرێ کە پاشان دێنە وڵاتی نۆروێژ.

لە ڕێگای بەرنامەی سەرەتاییەوە فێری زمانی نۆروێژی دەبی و دەگەڵ کۆمەڵگای نۆروێژ ئاشنا دەبی. ئێوە سەبارەت بە ژیانی کاری وڵاتی نۆروێژ خوێندن و زانیاری وەردەگری. هەروەتر ئەگەر پێویستت بوو دەتوانی بخوێنی. ئامانج ئەوەیە کە کاتێک تەواو بووی بتوانی کار بکەی یان دەست بە خوێندن بکەی.

بەرنامەی سەرەتایی (introduksjon) دەبێ بە زووترین کات و لانیکەم سێ مانگ پاش ئەوەی لە شارەوانی خۆت نیشتەجێ کرای، دەست پێبکات.

بەرنامەی سەرەتایی تەواو وەختە (فولتایم).



## چاوەڕوانیەکان لە تۆ

زۆر گرینگە کە بە ئامادەگی لە کاتەکاندا بەشدار بی، و خۆت بەرپرس بی بەرامبەر بەوەی کە دەبێ فێری بی.

ڕاوێژکاری بەرنامەکە و مامۆستاکەت یارمەتیدەرت دەبن. ئەوان دەتوانن ڕێنموونیت بکەن و ڕیگا نیشاندەرت بن. ئەگەر لەو ڕێگایەدا پرسیارێکت هەبوو گرینگە کە قسەیان دەگەڵ بکەی.

# یارمەتی ماڵی (ئابووری)

کاتێک کە بەشداری لە بەرنامەی سەرەتاییدا دەکەی یارمەتی ماڵی وەردەگری.
ئەم یارمەتیە ناوی یارمەتی سەرەتاییە (introduksjonsstønad).

یارمەتی سەرەتایی دەبێتە هۆی ئەوە کە تا ئەو کاتەی بەشداری دەکەی
پێویست ناکات بیر لە پارە پەیدا کردن بکەیتەوە.

ئەگەر تەمەنت ژێر ٢٥ ساڵە و دەگەڵ دایکوباوکت دەژی، کەمێک کەمتر
یارمەتی ماڵی وەردەگری.

لەو مووچەی یارمەتی سەرەتاییە کە پێتدەدرێ، دەبێ باج (ماڵییات) بدەی.
باجەکە بە شێوەی ئۆتۆماتی لە مووچەکەت کەم دەکرێتەوە.

ئەگەر ئەتۆ یارمەتێکی ماڵی دیکە وەرگری، لەوانەیە یارمەتی سەرەتایی کەمتر
بێ. ئەم یاسایە باربۆی منداڵ و باربۆی نەختی (barnetrygd, kontantstøtte)
یان ئەگەر خۆت لە دەرەوەی بەرنامەکە کار بکەی و پارە پەیدا بکەی،
ناگرێتەوە..

ئەوە شارەوانیە (kommune) کە یارمەتی ماڵی سەرەتاییت پێدەدا. ئەگەر
زانیاری هەڵە بدەی، شارەوانی دەتوانێ داوا بکات کە دەبێ ئەو بڕی یارمەتی
سەرەتاییە بگەڕێنیتەوە.



# پشوو، غایب و مۆڵەت

لە ساڵێکدا مافی پێنج هەفتە پشووت هەیە. هەروەتر مافی ئەوەت هەیە کە
بە هۆی نەخۆشی، دووگیان بوون و منداڵ بوون پشوو وەربگری، یان بە هۆکاری
گرینگی دیکە کە نەتوانی بەشداری بەرنامەکە بی. بەوە دەڵێین مۆڵەت. بۆ
وەرگرتنی مۆڵەت دەبێ لە ڕاوێژکاری بەرنامەکەت پرسیار بکەی.

ئەگەر ئامادە نەبوونت لە بەرنامەکە لە لایەن ڕاوێژکاری بەرنامەکەت تەئید
نەکرابێ، لە مووچەی یارمەتی ماڵیەکەت کەم دەکرێتەوە و کاتێ کەمترت لە
بەرنامەکە بۆ تەرخان دەکرێ.

ئەگەر بەرنامەکە هەڵوەشێنیتەوە، مافی بەشداربوون بۆ جارێکی دیکە لە کیس
ئەدەی. هەروەتر مووچەی بەرنامەی سەرەتاییش لە کیس ئەدەی.

# ناوەرۆکی بەرنامەی سەرەتایی (introduksjonsprogrammet) چ دەبێ؟

بەرنامەی سەرەتایی بۆ بەشداربووان هیندێک نارۆکی هاوبەشی هەیە، بەڵام ناوەرۆکەکەی بە گشتی بۆ تۆ گونجاوە.

- هەموو بەشداربووان دەبێ فێری زمانی نۆروێژی بن. ماموستاکەت ئامانجێکت بۆ زمانی نۆروێژی بۆ دیاری دەکات. ئەم ئامانجە بەستراوەتەوە بە پێشینەی خوێندنی تۆ.
- هەروەها هەموو بەشداربووان دەبێ فێری کۆمەڵگای نۆروێژی بن. ئەم زانستە ئاسانکاری دەکا بۆ بەشداری بوونی تۆ لە کۆمەڵگادا.
- هەموو بەشداربووان دەبێ بەشدار بن لە کۆرسی «توانایی ژیان لە وڵاتێکی نوێدا» (Livsmestring i et nytt land). ئەم کۆرسە ئاسانکاری دەکات بۆ ئەوەی هەڵبژادەی باش بکەی لە نۆروێژ، و خۆت شوێن دانەر بی لە سەر بارودۆخی خۆت. هەروەتر فێر دەبی کاتێک پێویستت بوو لە کوێ دەتوانی یارمەتی وەربگری.



ئەگەر منداڵت هەیە یان خود چاوەڕوانی منداڵ بوون دەکەی ڕێنموونی تایبەت بە دایکوباوکانت پێشەکەش دەکرێ. لە ڕێگەی ئەو ڕێنموونیانەوە دەزانی بوون بە دایکوباوک لە نۆرویژ چۆناوچۆنە، و چ هەلێک هەیە بۆ تۆ و منداڵەکەت.

هەروەها ناوەرۆکی بەرنامەی سەرەتایی بەمجۆرەیە کە بۆ تۆ و ئامانجەکانت گوونجاو بێ. ئەمە دەتوانێ بەشداربوونێکی بێ مووچە بێت لە ژیانی پیشەیی یان خوێندن. زۆر لە بەشداربووان هاوکات بەشدار دەبن لە ژیانی پیشەیی و خوێندن‌دا لەو کاتەی کە بەردەوامن لە بەرنامەی سەرەتاییدا.

ئەتۆ و ڕاوێژکاری بەرنامەکەت دەبێ بەیەکەوە پلانێک دابڕێژن بۆ ئەوەی کە ناوەرۆکی بەرنامەی سەرەتاییەکە چ بێ و چەندە کات بخایەنێ.





# ڕێنموونی پیشەیی

بەر لەوەی دەست پێبکەی بە بەرنامەی سەرەتایی دەبێ ڕێنموونی پیشەیی وەربگری. ئەمە ڕێنموونیەکە دەربارەی ئەو هەلانەی تۆیە بۆ خوێندن و کار لە داهاتوودا.

ڕێنموونی پیشەیی لە سەر ئەساسی زانیاری ئەزموونی کار و خوێندنی تۆ لە وڵاتی خۆت دادەمەزرێ. بەر لەوەی ڕێنموونی پیشەییت پێشکەش بکرێ هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.



# ئامانجی کۆتایی بۆ بەرنامەی سەرەتایی

پاش ئەوەی ڕێنموونیەکانی پیشەییت پێشکەش کرا دەبێ تۆ و ڕاوێژکاری بەرنامەکە بڕیار بدەن کە لە ڕێگەی بەرنامەی سەرەتاییەوە بەتەمای چ ئامانجێک وەدەست بێنی. بۆ وێنە ئەمە دەتوانێ ئامانجێک بێ بۆ خوێندنی باڵا، یا ئامانجێک بێ بۆ وەدەستهێنانی کار. هەروەتر دەتوانێ ئامانجێک بۆ بۆ تەواو کردنی هەموو یان بەشێک لە خوێندن. ئەمە ناوی ئامانجی کۆتاییە.

ئامانجی کۆتایی بۆ بەرنامەی سەرەتایی دەبسترێتەوە بەو پێشینەیە کە لە وڵاتی خۆت لە باری ئەزموونی پیشەیی و خوێندن چیت هەبووە، و لە داهاتوودا حەزت لێیە چ کارێک بکەی.

# مەودای بەرنامەی سەرەتایی چەندە؟

ئەوە ئامانجی کۆتایی خۆتە کە دەریدەخات بەرنامەی سەرەتایی چەندە کات بخایەنێ.

ئەگەر تۆ پێشتر خوێندنی ئامادەییت لە وڵاتی خۆت تەواو کردووە، و ئامانجی کۆتایی تۆ ئەوەیە کە خۆت بگەیەنی ئەو ڕادەیە بۆ خوێندنی باڵا یا کارێک پەیدا بکەی، بەرنامەی سەرەتایی دەتوانێ تاکوو شەش مانگان بخایەنێ.

ئەگەر ئامانجی کۆتایی ئەوەیە کە خوێندنی ئامادەیی وەدەست بێنی، بەرنامەی سەرەتایی دەتوانێ تاکوو سێ ساڵان بخایەنێ.

ئەگەر ئامانجی کۆتایی تەنیا وەدەستهێنانی کار بێ، بەرنامەکە دەتوانێ تاکوو دوو ساڵان بخایەنێ.

| ئامانجی کۆتایی | ماوە و کاتی بەرنامەکە |
|---|---|
| کار، یان خۆ پێگەیاندن بۆ خوێندنی باڵا | تاکوو سێ ساڵ |
| تەواو کردن قوتابخانەی ئامادەیی | تاکوو سێ ساڵ |
| کار یا تەواو کردنی هەموو یا بەشێک لە قوتابخانەی سەرەتایی یان بەشێک لە قوتابخانەی ئامادەیی | تاکوو دوو ساڵ |

# هیوای سەرکەوتنت بۆ ئاواتخوازین
# لە بەرنامە سەرەتاییدا!



Utgitt av Integrerings- og mangfoldsdirektoratet (IMDi) – 2021.

www.imdi.no